گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(3).Paper18
ڕێكەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/٠١/٠١
ڕێكەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٣/٠٢/٢٢
ڕكەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٤/٠٦/٢٩

# لێکەوتەی ئاخاوتەیی لە دیبەیتەکەی عەلی باپیر و مەلا بەختیار

**باباڕسول نوری ڕسول[1] - محسن علی حسێن[2]**
muhsin.hussein@student.su.edu.krd - Babarasul.rasul@su.edukrd
[1]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان.

**پوختە**

لێکەوتەی ئاخاوتەیی یەکێکە لە تیۆرە گرنگەکانی پراگماتیک، لە توێژینەوەکاندا شوێنی دیاری هەیە، سیمای هەرە دیاری زۆربەی زمانە سروشتییەکان لەم خاڵەدا یەکدەگرنەوە، کە قسەکەرانی زمانەکە لە ئاستی سەرەوە قسەیەک دەکەن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا مەبەستی تریان هەیە و مانایەکی شاراوەیان هەڵگرتوە، ئەمەش لە دەوروبەری گونجاودا واتاکەی لێکدەدرێتەوە. ئەم تیۆرە لای گرایس سەرچاوەیگرتوە، بە بۆچونی گرایس گوتنەکان لە هەندێک پێگەدا مەبەستەکە دەرناخەن، لەم توێژینەوەدا هەوڵدراوە چۆنیەتیی بەزاندنی بنەماکان ڕونبکرێتەوە و گوێگر چۆن دەتوانێت لە گوتنەکان بگات و ماناکەیان لێکبداتەوە؟ بەتایبەتی لە دیبەیتدا نێرەر و وەرگر ڕۆڵەکانیان دەگۆڕنەوە، بۆیە پابەندبون بە بنەماکانی هاریکاری دیبەیتەکە لەسەر ڕێڕەوی خۆی دەڕوات، بەڵام بەزاندنی بنەماکان دەبێتە هۆی ئەوەی ڕونکردنەوەی زیاتر لەسەر گوتنەکەیان بدەن، بۆیە پێویستی دەکرد چەند جارێک وەڵامی یەکتر بدەنەوە و ڕونکردنەوە لەسەر بابەتەکە بدەن.

**کلیلی وشەکان**: لێکەوتەی ئاخاوتەیی، بنەمای هاریکاری، بنەمای پەیوەندی، بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری.

## ١پێشەكی

### ناونیشانی توێژینەوەكە:

ناونیشانی توێژینەوەكە بریتییە لە "لێكەوتەی ئاخاوتەیی لە دیبەیتەكەی عەلی باپیر و مەلا بەختیار" توێژینەوەیەكی پراگماتیكییە، نمونەی توێژینەوەكەمان 'دیبەیتی ساڵ'[١]ە كە لەنێوان (عەلی باپیر و مەلا بەختیار) ئەنجامدرابو، هەوڵدراوە گونجاوترین نمونەی ناو دیبەیتەكە هەڵبژێرین و بەپێی لێكەوتە و بنەماكانی هاریكاری شیانبكەینەوە، كە لەگەڵ ناوەڕۆكی توێژینەوەكە بگونجێت.

### سنور و ڕێبازی توێژینەوەكە:

توێژینەوەكە لە ئاستی پراگماتیكدایە و بەپێی تیۆری 'وەسفی شیكاری' نمونەكان شیكراونەتەوە، نمونەكانیش تەنیا لە دیبەیتی ساڵ وەرگیراوە، ئەم دیبەیتە لە كەشوهەوایەكی هێمندا و بە ئامادەبونی جەماوەرێكی زۆر و لە كەناڵە تەلەفزیۆنەكان و سۆشیال میدیاوە ڕاستەوخۆ پەخشكرابو، بۆیە ئێمە باشترین نمونەی گوتنی هەردو دیبەیتەرەكەمان وەرگرتوە، بەتایبەتی ئەو گوتنانەی كە وەڵامدانەوە هەڵدەگرن.

### هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەكە:

خاڵی گرنگ لە هەڵبژاردنی توێژینەوەكە، بریتییە لە كاریگەریی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان بەشداربوانی ئاخاوتندا هەیە، واتە بەشداربوان لە گفتوگۆكانیاندا شتێك دەڵێن و مەبەستیان شتێكی ترە، كە لە گوتنەكاندا بەئاشكرا دەرنەبڕاون لەكاتێكدا سەركەوتنی پرۆسەی پەیوەندیگرتن بەستراوەتەوە بە هاریكاریكردنی نێوان قسەكەران و پابەندبون بە بنەماكانی هاریكاری، لادان لەم بنەمایانە دەبێتە سەرهەڵدانی لێكەوتەی ئاخاوتەیی.

### ناوەڕۆكی توێژینەوەكە:

ناوەڕۆكی توێژینەوەكە جگە لە پێشەكی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان، لە دو بەش پێكهاتوە:-

بەشی یەكەم: لە بەشی یەكەمدا ئەم بابەتانە باسكراوە، چەمك و زاراوەی لێكەوتەی ئاخاوتەیی، بنەمای هاریكاری، بەزاندنی بنەماكانی هاریكاری، بنەمای ڕەوشتی، بنەمای ڕوخسار.

بەشی دوەم: بەشێكی كردارییە، تیایدا باس لە لێكەوتەی ئاخاوتەیی و بنەمای هاریكاری و جێبەجێكردنی بنەماكان و لادان لەم بنەمایانە كراوە، لەگەڵ جۆرەكانی لێكەوتەی ئاخاوتەیی. هەروەها هەوڵدراوە بەپێی بنەمای هاریكاری و لێكەوتەی ئاخاوتەیی، نمونەی گونجاو و پەیوەندیدار بۆ هەر جۆرێكیان بهێنرێتەوە و شیكردنەوەیان بۆ بكرێت بە پشتبەستن بەو نمونانەی كە لەناو (دیبەیتی ساڵ)دا هەیە.

لەکۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی پێشکەشکراوە.

## تەوەری یەکەم لێکەوتەیی ئاخاوتەیی

### ١-٢ لێکەوتەی ئاخاوتەیی Conversational Implicature

لێکەوتەی ئاخاوتەیی لە بابەتە گرنگەکانی پراگماتیکە، نێرەر مەبەستەکانی پەیامەکەی لە ڕێگەی گوتنەکانەوە ئاراستەی دەوروبەر دەکات، بەشداربوانی ئاخاوتن ئەزمون و زانیاریی هاوبەشیان هەیە، بۆیە دەکرێت گفتوگۆکە بەئاسانی ئەنجامبدرێت، چەمکی سەرەکیی لێکەوتەی گفتوگۆیی، بریتییە لە بنەماکانی گرایس "ئەم بنەمایە سەرەتا لەلایەن فەیلەسوف پول گرایس لە وتارێکیدا لەژێر ناونیشانی (لۆژیک و گفتوگۆ) لە زانکۆی هارڤارد لە ساڵی ١٩٦٧ خرایەڕو. خاڵی دەسپێک لای گرایس ئەوەبو قسەکەران لە گفتوگۆکانیاندا شتێک دەڵێن و مەبەستیان شتێکی ترە، کەواتە (گرایس) دو جۆر واتای لێک جیاکردوەتەوە، واتای گوتراو و واتای گەیێنراو(Grice:1975:44)، واتای گەیێنراوەکە لە گوتنەکاندا بەئاشکرا دەرنەبڕاوە لێکەوتەی ئاخاوتەیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی زمان خرایەڕو، کە ناتوانرێت بە هەر تیۆرێکی زمانەوانی گشتی ماناکانیان ڕونبکرێتەوە و لێکبدرێتەوە (Levinson, 1983, 97)، بەو واتایەی لێکەوتەی ئاخاوتەیی لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئاخاوتنە، قسەکەران لە گفتوگۆکانیاندا ئەوە دەردەبڕن کە مەبەستیانە، لەم پەیوەندییە واتاییەدا مانای هەر ڕستە و دەربڕاوێک زیاترە لەوەی، کە بە زمان دەگوترێت، لێکەوتە ئەو بەشەی پەیامەکەیە دەگات بە گوێگر کە بە زمان ناگوترێت، کەواتە لێکەوتە ستراتیژییەکە لە بەردەست خوێنەر یان گوێگردایە بۆئەوەی بتوانێت لە هێما زمانییەکان زیاتر سودوەربگرێت. 'بۆیە کاتێک گوێگر قسەیەک دەبیستێ لە سەرەتادا دەبێت وایدابنێت کە قسەکەر دەیەوێت هاوکاری بکات و پەیامێک بگەیەنێت، کە دەبێت ئەو پەیامە زیاتر لە واتای فەرهەنگی وشەکان خۆیان بێت' (George Yule, 2000, 35) بەم پێیە لێکەوتە ئەوەیە کە قسەکەر پێشبینیدەکات و گوێگریش بە پشتبەستن بە بنەمای هاریکاری هەڵیدەهێنجێنێت (عمر محمود کەریم،2009، 4).

## ٢-٢ بنەمای هاریکاری لای گرایس(Grice)

گرایس کۆمەڵێک بنەمای پێشکەشکردوە بۆ ڕێکخستنی گفتوگۆ، تاوەکو پەیوەندییەکان ڕێکتربن و بنەما گشتییەکەی گرایس کە بە بنەمای هاریکاری ناسراوە، جەخت لەسەر نێرەر دەکاتەوە کە چۆن مەبەستەکەی دەردەبڕێت، هەروەها چۆن دەگاتە وەرگر و چۆن لە مەبەستی وەرگر دەگات، (عبدالهادي بن ظافر الشهري،2004، 96) کەواتە بنەمای هاریکاری بریتییە لەوەی با بەشداریکردنەکەت لە وتوێژەکان بەپێی پێویست بێت (Grice,H,P:1989:61)، مەبەستی سەرەکی لە بنەماکانی هاریکاری لەوەدایە، هۆکارێکە بۆ ئەوەی بەشداربوانی ئاخاوتن لە مەبەستی یەکتر بگەن و بتوانن پرۆسەی ئاخاوتن بەئاسانی ببەن بەڕێوە، هەرچەندە ئەم بنەمایانە بەرەو ڕوی چەند ڕەخنەیەک بوەوە، یەکێک لەمانە ئەوە بو کە جەختی لەسەر لایەنی ئاگادارکردنەوەی گوتار دەکردەوە و لایەنی مامەڵەکردنی فەرامۆشدەکرد، هەروەها تەها عەبدولڕەحمان ڕایوایە گرایس بۆ لایەنی پەروەردەکردن نەڕۆیشتوە کە هۆکارە بۆ دەرچون لە واتای ڕون و ئاشکراوە بۆ واتایەکی تر (طه عبدالرحمن،1998، 239).

محەمەد مەعروف دو جۆر لێکەوتە ئاخاوتنەییەکانی جیاکردوەتەوە، ئەوانیش:

1- لێکەوتەی ستاندەر: لە ئەنجامی جێبەجێکردنی بنەماکانی هاریکاری و بنەماکانی ترەوە دینوەک:

سەردار سێ برای هەیە. (باوەڕموایە، کە سەردار سێ برای هەیە، نە زیاتر و نە کەمتر.)

مۆبایلەکەم بۆ بهێنە. (کات دیارینەکراوە، بەڵام بەپێی گوتنەکە، ئێستا مۆبایلەکەم بۆ بهێنە.)

2- لێکەوتەی ناستاندەر: ئەم جۆرەیان لە ئەنجامی بەزاندنی بنەماکانەوە دێتە ئاراوە. ،(محمد مەعروف فتاح،2011، 215) وەک:

باوک: کوڕەکەم لە ئیشکردندا چۆنە؟

خاوەن کارگە: کوڕێکی بەڕەوشتت هەیە.

ئەم وەڵامە لە بنەما دەرچوە، واتە بنەمای پەیوەندی، چونکە وەڵامەکە پەیوەندی بە پرسیارەکەوە نەبو، ئینجا باوکەکە دەگاتە چەند ئەنجام و لێکەوتەی جیاواز، واتە خاوەن کارگەکە نایەوێت، ڕاستییەکە بڵێت، نەوەک باوکەکە لە کوڕەکە تورەبێت، بەڵام لەکۆتاییدا باوکەکە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە کوڕەکە هێشتا شارەزای ئیشەکەی نەبوە.

دەتوانین گرنگی لێکەوتەی ئاخاوتەیی لەم خاڵانەی خوارەوە کورتبکەینەوە:

1. گرنگی لێكەوتە لەوەدایە، كە ڕاڤەی توانای قسەكەر دەكات بەوەی كە ئەو واتا و چەمكەی دەیگەیەنێت زۆر زیاترە لەوەی كە دەیڵێن.
2. گرنگییەكی تر ئەوەیە كە دەتوانێت ئاسانكاریبكات لە وەسفی بونیادی واتاییدا.
3. یەكێكی تر لە گرنگییەكانی لێكەوتە ئەوەیە كە بە پشتبەستن بە ژمارەیەكی كەم لەبنەما دەتوانین وتەی زۆر و جۆراوجۆر تەفسیر بكەین (عمر محمود كەریم، ٢٠٠٩، 4-5).

بەم پێیە گرایس چوار بنەمای بۆ ڕێكخستنی گفتوگۆ داناوە ئەوانیش: (بنەمای چەندیتی، بنەمای چۆنیەتی، بنەمای پەیوەندی، بنەمای شێواز).

## 2-2-1 بنەمای چەندێتی: (The maxim of Quantity)

بەپێی ئەم بنەمایە پێویستە قسەكەر هاوسەنگییەک دابنێت لەنێوان ژمارەی وشەكان و زانیارییەكان، واتە نابێت ژمارەی وشەكان زیاتر بێت لە بڕی زانیارییەكان كە بە گوێگر دەگات، بۆ ئەمەش دو ڕێسای داناوە:

1. با بەشداریكردنەكەت لە گفتوگۆ بەپێی پێویستی بێت.
2. با زانیارییەكانت بەپێی پێویست زیاتر نەبێت. (Grice,H,P:1989:46)

- میوانەكە ڕۆیشت؟
- بەڵێ ڕۆیشت.

لەم نمونەیەدا قسەكەر داوای زانیارییەک دەكات، بە دو وشە پرسیارەكەی ئاراستەی گوێگر كردوە، گوێگریش بە هەمان شێوەی قسەكەر هەر بە دو وشە وەڵامی داوەتەوە، وەڵامەكەش بەپێی بنەمای هاریكاری بە هەمان ئەندازەی پرسیارەكەیە، واتە زانیارییەكە كەم و زۆر نییە.

لە دیبەیتدا نێرەر و وەرگر ڕۆڵەكەیان دەگۆڕنەوە، واتە نێرەر دەبێتە وەرگر و وەرگریش دەبێتەوە نێرەر، لەبەرئەوەی دیبەیت پێویستی بە دو كەس یان دو بۆچونی جیاواز هەیە لەسەر بابەتێک هەیە، بۆیە هەردولا دەبێت پابەندی چەندێتی بن، ئەو پەیامەی كە هەیانە لە كاتی خۆیاندا بیگەیێنن.

## 2-2-2 بنەمای چۆنیەتی (The maxim of Quality)

ئەم بنەمایە جەخت لەسەر ڕاستگۆیی لە قسەكان دەكاتەوە، داتا و زانیارییەكان بێ بەڵگە نەبن، گرایس ئەم بنەمایەی لەسەر دو ڕێسا داڕشتوە ئەوانیش:

1. قسەیەک مەڵێ کە گومانت لە ڕاستییەکەی هەبێت.
2. قسەیەک مەڵێ کە بەڵگەی گونجاوت دەربارەی نەبێت. (هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە).

هەر کاتێک ئاخاوتنەکانی مرۆڤ بەڵگەی دیار و بەهێزی لەگەڵ بو، ئەوا خێراتر کار لە بەرانبەرەکەی دەکات و سەرنجی ئامادەبوان بۆ خۆی ڕادەکێشێت، هەندێک جۆری ڕستەمان هەیە زیاتر پابەندی ڕاستی دەبن و هەندێکیان کەمتر، بەتایبەتی ڕستەی پرس ڕاست و درۆی تێناکەوێت، بەڵام ڕستەکانی وەک: ڕستەی هەواڵدان ، خۆزگەیی، هەستدەربڕین، ڕاست و هەڵەی تێدەکەوێت.

- زەوی بە چەند کاتژمێر بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە؟
- بە بیست و چوار کاتژمێر.

لێرەدا قسەکەری یەکەم پرسیاری کردوە دەربارەی بابەتێکی زانستی، قسەکەری دوەم وەڵامیداوەتەوە و بە بەڵگە سەلمێنراوە کە سوڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا بیست و چوار کاتژمێر دەخایەنێت و شەو ڕۆژ دروستدەکات.

## 3-2-2 **بنەمای گونجان** (The maxim of Relation)

بەپێی ئەم بنەمایە ئەو داتا و زانیارییانەی کە دەیانێنرێت دەبێت پەیوەندییان بە کات و شوێن و ئەو بابەتە هەبێت کە باسی لێوە دەکرێت، ئامانجی ئەم بنەمایەش ئەوەیە کە نەهێڵێت قسەکەر بە لاڕێدا بچێت، ئەم بنەمایەش دو ڕێسای هەیە:

- با قسەکانت پەیوەنداربێت بە بابەت و ڕودانی ئاخاوتنەوە.
- با قسەکانت پەیوەنداربێت بە کات و شوێنەوە.

ئەم بنەمایە پەیوەندی بە چەند لایەنێکی ئاخاوتنەوە هەیە، کە پێویستە قسەکەر ڕەچاویان بکات

- سەرەتای ئاخاوتن بە چ شێوەیەک دەست پێ دەکەیت؟
- بەشداریکردنەکان لەبار و شیارو بێت.
- گۆرینی ئاراستەی بابەتی ئاخاوتن چۆن دەبێت؟
- دەبێت بزانێت چۆن کۆتایی بە ئاخاوتن دێنێت؟

گرایس بە ڕستەی (Be relative) واتە پەیوەندیی تەواوت بە بابەتەکەوە هەبێت گوزارشت لەم بنەمایە دەکات و کاتێک قسەکەر دەیەوێت پرسیارێک لە گوێگر بکات یان فەرمانێک ئەنجام بدات، دەبێت وەڵامەکە لە چوارچێوەی پرسیارەکە دەرنەچێت،

- وانەکانت بخوێنە.
- خانوەکەمان کۆن بوە.

لە بنەمای پەیوەندیدا ڕەچاوی کورتبڕی دەکرێت، دەبێت وەڵامەکە پەیوەندی بە پرسیارەکەوە هەبێت، زۆرجار وەڵامەکە لە پرسیارەکە دوردەکەوێتەوە، ئەمەش بە بەزاندنی بنەمای پەیوەندیگرتن دادەنرێت، هەروەک لەم دو ڕستەیەی سەرەوەدا ڕونکراوەتەوە، کە کەسی یەکەم فەرمانێک بەسەر کەسی دوەمدا جێبەجێدەکات، بەڵام وەڵامەکەی کەسی دوەم پەیوەندی بە پرسیارەکەوە نییە.

## 4-2-2 بنەمای شێواز(٢) (The maxim of manner)

ئەم بنەمایە باس لە شێوازی دەربرینی زانیاری و داتاکان دەکات، واتە لەم بنەمایە مەبەستی نییە کە چۆن دەری دەبڕێت یان چەندی دەردەبڕێت، بەڵکو بە چ ڕێگەیەکی ئاسان و دور لە تەمومژی دەریدەبڕێت، گرایس بە ڕستەی (Be perspicuous) گوزارشتیلێدەکات واتە دەبێت ڕستەکان زۆر ڕون بێت(Grice,H,P:1989:46).

هەر زانیارییەک ئەگەر ڕون بێت و شێوازی دەربڕینەکەی دیاربێت، دەبێت ئەم چوار خاڵەی بەسەر جێبەجێبکرێت:

- دورکەوتنەوە لە ناڕونی لە دەربڕیندا(Obscurity)
- دورکەوتنەوە لە تەمومژی (Ambiguity)
- کورتبڕبە(Be brief)، واتە دورکەوتنەوە لە قسەی ناپێویست.
- ڕێکوپێکبە، (Be orderly) گوتنەکەت تۆکمە بێت، ڕیزبەندی بپارێزە (Grice,H,P:1989:46)

ئامانجی گرایس لەم تیۆرەی کە دایڕشتوە بۆ ئاسانکردنی بنەمای پەیوەندیگرتن بوە، ئەویش بریتی بو لەوەی:

أ- چۆنیەتی ڕونکردنەوەی ئامرازەکانی گەیاندن، واتە لە واتای وشەییەوە بۆ واتای ناوەرۆک و واتا بچێت، مەبەستەکە ڕون بێت.

ب- پشکنینی چوارچێوەی لۆجیکی بۆ ئاڵوگۆڕی ئاخاوتنەکان.

کەواتە مەبەستی قسەکەر کۆی واتای وشەکانە نەوەک تەنیا واتای وشەکە، بە لەبەرچاوگرتنی بنەما و ڕێساکانی (گرایس) وایدەبینین، کە پەیوەندی نێوان قسەکەرەکان ڕۆڵێکی دیاری لە چاودێریکردنی ئەو یاسایانەدا هەیە ، یان بەزاندنی بنەماکان لەکاتی پێشکەشکردنی گوتارەکە و جەختکردنەوە لەسەر مانا، هەروەک چۆن نێرەر مەبەستیەتی، ئەمەش ستراتیژییەتی نێرەر دەردەخات. (عبدالهادي بن الظافر الشهري:2004: 96).

هەندێک لە زاناکان تیۆرەکەی گرایسیان پەرەپێدا، چونکە هەندێک ڕەگەزی گفتوگۆ گرنگی تێدایە و توانای بەرەوپێشچونی تێدایە، یەکێک لەمانە (Harnish)ە هەندێک زیادەی خستە سەر بنەمای چۆنیەتی و چەندێتی، هەروەها سادۆک(Sadock) ئاماژەیبەوەداوە کە دەکرێت بنەماکانی گرایس کەمبکرێتەوە و چارەسەری هەندێک چەمکی گفتوگۆ بکات، سادۆک هەندێک پێوانەی تری زیادکرد بۆ چەمکەکان، هەندێک زانای تر وەک (Wilson) و (Sperber) ڕەخنەیان لە تیۆرەکەی گرایس گرت بەوەی کە چارەسەری کێشەکانی هەمو دەقی ئەدەبی و یاسایی ناکات، بۆیە پێویستی بە زیادکردن هەبو تاوەکو بوارەکانی تریش لەخۆبگرێت، بۆیە بنەمای پەیوەندییان بۆ زیادکرد و ناویان نا (Theory of relevance) واتە تیۆری پەیوەندی، ئەم تیۆرە گوتار شیدەکاتەوە و لایەنە ڕۆنانەکانی دەخاتەڕو، هەروەها بە تیۆری درکپێکردنیش ناسراوە(محمود عكاشة،2013، 94).

## 3-2 کێشەکانی تیۆرەکەی گرایس

هەرچەندە تیۆرەکەی گرایس چارەسەری کێشەکانی ئاخاوتنی کردوە و سنوری بۆ ئاخاوتن داناوە، بەڵام ڕوبەڕوی چەند کێشەیەک بوەوە، لەمانە:

1. بۆ هەر گوتراوێک دەکرێت چەند ڕونکردنەوەیەکی بۆ بکرێت، واتە چۆن بزانین کەی قسەکەر بێمەبەست دەکەوێتە هەڵەوە و کەی بەمەبەست خۆی دەخاتە هەڵەوە.
2. چۆن بتوانین جیاوازی بکەین لەنێوان جۆرەکانی پابەندنەبونەکان؟ وەک جیاکردنەوەی سەرپێچی و پێشێلکاری.

3. ڕەنگە چوار بنەماکەی گرایس بە سروشتی خۆیان جیاوازبن، دەبێت کۆتاییەکەی چۆن بێت.
4. هەندێک لە بنەماکان تێکەڵی یەکتر دەبن، بۆیە جیاکردنەوەیان ئاسان نییە.
5. گرایس دەیگوت پێویستە تەکنیک هەبێت بۆ پشتبەستن بە شاردنەوەی مەبەستەکە، بەڵام هەندێکجاریش کردەکە ڕون نییە.(جيني توماس،107،2010)

## 4-2 لادان لە بنەماکانی گرایس

زمان سیستەمێکی هێماییە، قسەپێکەرانی ئەو هێمایانە بەکاردەهێنن بۆ گەلێک مەبەستی جیاواز، هەروەها بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئارەزوەکانی خۆیان، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمان ئەوەیە کە دەتوانن ئاڵوگۆڕی بیروڕاکانیان لەگەڵ یەکتر بکەن، بۆ ئەوەی بگەن بە مەبەستەکانیان، کردەی تێگەیشتن لەنێوان نێرەر و وەرگردا زۆرجار بەرەو ڕوی گرفت دەبێتەوە و نێرەر لە پەیامەکەی سەرکەوتونابێت و لادان لە بنەماکانی هاریکاری ڕودەدات، ئەمەش پەیوەندی بە لایەنی کۆمەڵایەتی و پلەوپایەی کەسەکان و دابونەریتەوە هەیە.

پەیڕەوکردنی ئەم بنەمایانە نەخشەکێشانێکە بۆ ئەوەی ئاخاوتن شێوەی نمونەیی وەربگرێت (عەبدولواحید دزەیی،2009، 74)، گرایس لە ساڵەکانی 1978 و 1981 تیۆرەکەی فراوانترکرد، بەڵام تیۆرەکەی گەشەی بەخۆیەوە نەبینی لەبەرئەوەی هەندێک لێڵی و بۆچونی دژیەک لە نوسینەکانیدا هەبو، هەرچەندە ئۆستن ئەوەی جیاکردبوەوە کە قسەکەران کاتێک قسەدەکەن مەبەستیان چییە؟ بەڵام گرایس هەوڵیداوە ئەوە ڕونبکاتەوە کە چۆن گوێگر دەتوانێت جیاوازی لەنێوان مەبەستی قسەکەر بکات، بەتایبەتی ئەو مەبەستەی کە شاراوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا تیۆرەکەی گرایس کاریگەری هەبو لەسەر بەرەو پێشچونی پڕاگماتیک.(جيني توماس،2010، 75)

## 5-2 بنەمای ڕەوشتی (The principle of morality)

ئەم بنەمایە بە دوەم بنەما دادەنرێت لەدوای بنەمای هاریکاری، گرنگی لە بنەمای یەکەم زیاترە، داوادەکات لەکاتی گفتوگۆ ڕێز لەیەکتر بگرن، پڕاگماتیک هەندێک دەستور و مەرج دادەنێت لەسەر بکەرەکەیە ئەنجامی بدات،(رحمة البياتي،2019، 819) بنەمای ڕەوشتی لەلایەن (ڕۆبین لاکۆف Robh n lakoff) لە وتارێکی بە ناوی (لۆژیکی ڕەوشتی) داڕێژراوە لەم وتارەدا نوسەر تانە لە توێژەران دەدات بە تاوانی کەمتەرخەمی و ناهاوسەنگی لە توێژینەوە زمانییەکاندا، داوادەکات گرنگی بە گوتن بدرێت، بەتایبەتی گریمانە لۆژیکییەکان و پڕاگماتیکییەکان، هەروەک لەم نمونەیەدا ڕوندەبێتەوە:

- کاوە ماڵی بۆ لادێ گواستەوە.
- کاوە لە ژیاندا ماوە.

ڕستەی یەکەم دەبێت گریمانەی پڕاگماتیکی بۆ بکرێت، کارەکە ڕابردوە.

(لاکۆف) ڕایوایە کە ئەو ڕستانەی ئاراستەی نێرەر دەگۆڕن بۆ دەوروبەری کۆمەڵایەتی لە بارودۆخی ئاڵۆز، بەتایبەتی لەم بارانەدا:

1- کاتێک پەیوەندی لەگەڵ خەڵکانێک دەبەستین، دەبێت لەگەڵ پلە و پایەی خۆت لە ڕوی هەست و سۆزەوە بەراوردی بکەین.
2- هەڵویستی ڕاستەقینە لەو دەوروبەرە وەردەگیرێت کە پەیوەندییان پێدەکەین.
3- بڕیارەکانیش لەسەر دو بنەماکە بونیاددەنرێن، بەپێی ئەو ئامانجەی، کە دەیەوێت بە دەستیبهێنێت.

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، دەبێت ناوەرۆکی پڕاگماتیکی لە کردە قسەییەکاندا لەبەرچاو بگیرێت، واتە کاتێک بڕیار لەسەر ڕستەیەک دەدەین، دەبێت گرنگی بە ئاستی ڕۆنانی گشتیی ڕستەکە بدەین هەروەک چۆن گرنگی بە ئاستی واتایی دەدەین. بۆ نمونە لە ڕستەی

- بە یارمەتیت، پەنجەرەکە دابخە.

لەم ڕستەیەدا دەتوانین چەند دەرئەنجامێک هەڵهێنجین، یەکیک لەمانە وەرگر پلەی کۆمەڵایەتی لە خوار نێرەرە، یان یەکسانن، چونکە بەڕێزەوە داوادەکات، هەروەها پەیوەندییان گەرموگوڕ نییە، چونکە ڕاستەوخۆ داوایلێنەکردوە و ئاماژەی (بەیارمەتیت)ی بەکارهێناوە، وەرگر دەتوانێت ئەم داوایە ڕەتبکاتەوە، هەر لەبەرئەوەیە کە (لاکۆف) دەیەوێت بنەمای زمانی گشتی فراوانبکات لە ئەنجامی ڕێسای پڕاگماتیکی بۆ بڕیاردان لەسەر کوالیتی داڕشتنی گوتار، پێی دەڵێن: (یاساکانی چالاکیی پڕاگماتیکی - The Rules of pragmatic competence)، ئەم یاسایانە تەواوکەری یەکترن و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، هەرچەندە یەکێکیان دەتوانێت ئەوی تر پەراوێزبخات، ئەمەش لە چوارچێوەی دەوروبەری گوتندا دەردەکەوێت، یاساکانیش بریتین لە:

1- ڕون ببە.
2- بەڕەوشت ببە.

ئامانجی نێرەر لەم پێوانانە بریتییە لەوەی یەکێک لەم دو یاسایە بەسەر ئەوی تر سەردەکەوێت، هەرچەندە هەمو کات نێرەر هەوڵدەدات ڕونبێت، چونکە ئامانجی سەرەکیی نێرەر بریتییە لە پەیوەندیگرتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسانی تردا، ئەمەش وا دەکات مەبەستەکەی ئاشکرابێت، لای وەرگر بەهەڵە لێکنەدرێتەوە، لە هەمان کاتدا یاسای ڕەوشتی ئامادەیی هەیە کاتێک قسەکانی نێرەر لە ئاستی وەرگردایە، بەتایبەتی ئەوانەی لە گوتارەکەدا بەشدارن،

بنەمای هاریکاری کە (گرایس) پێشنیازیکردبو، ئەویش خۆی لە خۆیدا لە چەند لقە یاسایەک پێکهاتبو، کە بونەتە بنەما بۆ بەرجەستەکردنی بنەمای ڕونی، لەبەرئەوەی لە دیبەیتدا ئامانجەکەی سەرکەوتنی لایەنێکە بەسەر ئەوەی تریان، بۆیە لەم دو یاسایەدا هەمیشە یەکێکیان زاڵدەبێت.

بەپێچەوانەی ئەمەوە بنەمای هاریکاری ئامادەیی باشتری هەیە، بەتایبەتی لە گفتوگۆی ئاسایی و دیبەیتی ئەکادیمیدا.

(لاکۆف) سێ یاسای بۆ بنەمای ڕەوشتی داناوە و ناوی ناوە، (یاساکانی ڕەوشتیی گوتار)، کە نێرەر دەبێت جێبەجێیبکات:

1. یاسای یەکەم: یاسای پاکی، نابێت نێرەر بیروڕای خۆی بەسەر وەرگردا بسەپێنێت هەروەها نابێت بچێتە ناو کاروباری کەسانی تر.
2. یاسای دوەم: یاسای بژاردە، بریتییە لەوەی گوتاربێژ خۆی بڕیاری خۆی بدات و بڕیارەکانی بەکراوەیی جێبهێڵێت.
3. یاسای سێیەم، یاسای هاوڕێیەتی، واتە هاوڕێیەتی لەگەڵ وەرگردا دروستبکات (عبدالهادي بن الظافر الشهري2004، 101)

بۆ نمونە هەندێک پرسیاری ئاسایی هەیە، نابێت باسبکرێت، وەک لەم پرسیارەی خوارەوەدا کە وەڵامەکەی زۆر ڕونە:

- ئایا دەتوانم بپرسم کە (1+1) دەکاتە چەند؟

## 6-2 بنەمای ڕوخسار

لەکۆنەوە خەڵکان زۆر گرنگییان بە ڕوخسار داوە و بە بنەمایەکی گرنگی نیرەریان داناوە، گۆڕانی ڕوخسار سوربونەوە و ئارەقکردن و دەستبردن بۆ هەندێک شوینی ڕوخسار و قژ، ئەمانە لە دیبەیتدا گرنگی خۆی هەیە و لیکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، هەردو زمانەوان (Brown, Levinson) خاوەنی تیۆری ڕەوشتین (Politeness theory)، چەند بنەمایەکی ڕەوشتییان بۆ هەردو لایەنی گوتار داناوە،(رومان جاکوبسن:1985: 85) ئەم بنەمایانە لە گرنگترین تیۆرەکانی پڕاگماتیکن، ئەمەش لەسەر دو هۆکار بەندە:

- بەهای ئەرێنی ڕوخساری کۆمەڵایەتی
- ڕێژەی هەڕەشەی ڕوخسار (عبدالهادي بن الظافر الشهري2004: 103)

ئەم دو توێژەرە هەندێک ستراتیژییان دیاریکردبو بۆ ئەوەی ڕێز لە بۆچونی یەکتر بگرن، ئەمەش وایکرد هەندێک کردە ڕیزبکەن، کە لە ڕوخساردا دەردەکەوێت و بە شێوەی نەرێنی لێکدەدرێتەوە، کەواتە زمانەوانەکان کردەی زمانی و هەڕەشەکانی ڕوخساریان پەیوەستکردوە بە یەکترەوە، هەندێک کردەی زمانی کە بە ڕوخسارێکی گرژ و هەڕەشەئامێز دەردەبڕێن، ڕەهەندی جیاوازی هەیە، هەر بۆیە کردەکان لە ڕوانگەی نێرەر و وەرگردا دەکرێنە دو جۆر:

أ- وەرگر

ڕوخساری وەرگر کاتێک دەبێتە هەڕەشە کە نێرەر ڕێز لە ئازادیی وەرگر ناگرێت، هەر بۆیە ڕەتیدەداتەوە

(1) نێرەر داوادەکات هەندێک کردار جێبەجێبکات: وەک فەرمانکردن، ئامۆژگاریکردن و پێشنیازکردن و ئاگادارکردنەوە.

(2) نێرەر بە شێوەیەک قسە لەگەڵ وەرگردا دەکات وەک ئەوەی قەرزاری بێت.

ب- نێرەر

ئەو کردانەی کە هەڕەشەن بۆ ڕوخساری نیرەر بریتین لە داوای لێبوردن و پەسەندکردنی ستایش و پەشیمانی و دانانان بە هەڵەی خۆی، بەڵام ڕوخساری پەسەندکراو چەند کردەیەکی باش دەنوێنێن، وەک : دەربڕینی سوپاسگوزاری، پەسندکردنی سوپاسنامەی وەرگر و لێبوردنەکانی.

## 1-6-2 ستراتیژیەتی گوتار لە بنەمای ڕوخساردا

(براون و لیڤنسن) کۆمەڵێک ستراتیژیی گونجاویان پێشنیازکرد، کە دڵنیایی بە پەیوەندیگرتن و کارلێککردن دەدات، بێئەوەی نێرەر هەست بە شەرمەزارییکات و ڕوخساری تێکبچێت، ئەم دو زانایە ستراتیژیی ڕوخساریان بۆ پێنج نمرە ڕیزبەندکردوە، لە پەیوەندیی نێوان ژن و مێردێک کە کێشە و ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان، کەسی سێیەم دەچێتە نێوانیان و هەوڵی هێورکردنەوەی کێشەکە دەدات، بەپێی ستراتیژییەکانی گوتار دەتوانین چەند گریمانەیەکی بۆ بکەین، بە کۆی گشتی ئەو خاڵانە هەڵسوکەوت و لایەنی ڕەوشتی ڕێکدەخاتەوە:

1. ستراتیژی ڕونی (Clarity Strategies)

ئەم جۆرەیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەڕونی بابەتەکە دەخرێتەڕو، بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی و زمانی هەڕەشە، (هەمان سەرچاوە، 105)

هەروەک لە نمونەی کێشەی نێوان ژن و مێردێک، سەرەتا باوکی کچەکە بە شێوەیەکی ڕون و بە زمانێکی نەرم بابەتەکە دەوروژێنێت، ئەمەش لەگەڵ بنەماکانی هاریکاریی گرایس بەتایبەتی (شێواز) و یاساکانی لاکۆف ڕێکدەکەوێت، کە تیایدا دەڵێت:

- هۆکاری کێشەکەتان چییە؟

2. ستراتیژی ڕێککاری ئەرێنی (Positive Discipline Strategies)

لەم جۆرەیان برای ژنەکە ڕێز لە زاواکەی دەگرێت، هەندێک وشەی جوان و چێژبەخش بەکاردێنێت و هەوڵی هێورکردنەوەیان دەدات، وەکو دەڵێت: ((پێویستە وەک هەمیشە ڕێز لە یەکتربگرن، لەگەڵ من ڕاستگۆبن و هەوڵدەن وردترین تایبەتمەندیی خۆتان بۆ من باسکەن، لەوانەش کە ڕای جیاوازتان لەسەری هەیە.))

کەواتە برای ژنەکە لەم گفتوگۆیەدا مامەڵەیەکی نەرمونیان دەکات و پێشنیاز بۆ زاواکەی بەجێدەهێڵێت، نەوەک فەرمانکردن و هەڕەشەکردن.

3. ستراتیژی ڕێککاری نەرێنی (Negative Discipline Strategies)

لەم جۆرەیان برای ژنەکە زاواکەیان ئاگاداردەکاتەوە، کە مافی خۆیەتی کێشەکەیان بزانێت، هەروەک دەڵێت ((ببورە، دەمەوێت بزانم هۆکاری جیاوازی و ناکۆکیتان چییە؟))

4. ستراتیژی ئاماژەکردن (Singaling Strategies)

((ناتوانین چارەسەرێک بۆ کێشەکە بدۆزینەوە تاوەکو نەزانین هۆکاری سەرهەڵدانەکەی چییە؟)) بەپێی ئەم وتەیە برای ژنەکە ئاماژەدەکات بەوەی کە دەیەوێت زانیاریی هەبێت، تاوەکو وەرگر بتوانێت لە مەبەستەکەی تێبگات.

5. ستراتیژی بیدەنگی (Silence Strategies)

(.............................) پێویستە براکە بێدەنگی هەڵبژێرێت، نایەوێت زیان بە هیچیان بگەیێنێت، بۆیە هەڵوێستەکەی بێلایەنییە.

هەریەک لەم ستراتیژییانە ڕۆڵی هەیە لە ئاراستەکردنی دیبەیت، بۆیە نێرەر گوتارەکەی بەپێی ئەم ستراتیژییانە بەرهەمدەهێنێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەندێک پێوانەی دەوروبەر، واتە کاتێک ستراتیژی یەکێکیان بەسەر ئەوەی تردا زاڵدەبێت، ئەوا دەتوانێت ئەنجامی دیبەیتەکە لە بەرژەوەندی خۆی بەکۆتابهێنێت.

## تەوەری دووەم: بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری و شیکردنەوەی دیبەیت

### 3-1 بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری لە گوتنەکانی (دیبەیتی1):

لەسەرەتادا گوتنەکانی (دیبەیتی1) دەخەینەڕو، بۆئەوەی بزانین لەکوێدا بنەماکانی هاریکاریی گرایسی بەزاندوە؟

### 1- لادان لە بنەمای چەندی:

- من پێموایە سیکۆلاریزم بەگشتی، یان دەڵێت خوا (سبحانە وتعالی) بونی نییە و ئایین ڕاست نییە، یاخود دەڵێت: خوا ئەگەر هەشبێت، بۆی نییە دەستبخاتە نێو کاروبار و ژیان و گوزەرانی مرۆڤ. (دیبەیتی1)

لەم گوتنەی سەرەوەدا دو جار ناوی (خودا)ی دوبارەکردوەتەوە، هەروەها جێناوی (من) لەسەرەتادا هاتوە، دەیتوانی بڵێت: پێموایە، گوتویەتی (من پێموایە)

- خەڵک و کۆمەڵگا بەگشتی، خاوەنی ئەسڵیی حوکم و دەستەڵاتی سیاسی و حوکمڕانییە، بە بەڵگەی ئەوە کە سەرجەم دواندنەکانی قورئان ڕویان لە خەڵک و کۆمەڵگایە بەگشتی، نەک چین و توێژێکی تایبەت. (دیبەیتی1)

وشەکانی (خەڵک و کۆمەڵگا) دو جار دوبارەبوەتەوە و بۆ یەک مەبەست بەکارهاتوە، دەکرا لە ڕستەی دوەمدا بە جێناوی لکاو جێگیری بکات.

- هیچ کەس بۆی نییە، قۆرخکاری لە خێر و بێرەکانی سەر زەوی بکات و هیچ کەس و بنەماڵە و تیرە و هۆز و گەلێک، لە کەس و بنەماڵە و تیرە و هۆز و گەلەکانی دیکە، پتر پشک و بەشی بە هیچ شتێکەوە نییە. (دیبەیتی1)

هیچ کەس واتە هەمو کەس دەگرێتەوە، بەڵام لەدوایی ڕونیکردوەتەوە، کە بریتین لە: بنەماڵە و تیرە و هۆز و گەل، جگە لەمەش دوجار دوبارەی کردوەتەوە.

- لە وڵاتێکی ئیسلامیدا، کە خەڵک لە ئیسلام تێگەیشتبێت، سیکۆلاریزم پاساوی بونی نیە، چونکە ئەو شتانەی، کە تۆ بۆیان لە سیکۆلاریزمدا دەگەڕێی، هەمویان لە ئیسلامەکەی خۆتدا هەن، بەڵگەشم بۆ ئەمە کە سیکۆلاریزم لەنێو موسڵمانانی لە ئیسلام تێگەیشتودا پاساوی بونی نابێت. (دیبەیتی1)

دو جار (سیکۆلاریزم پاساوی بونی نییە)ی دوبارەکردوەتەوە، دەیتوانی ڕاستەوخۆ بەڵگەکەی خستبایەڕو.

- چونکە عەلمانییەت من بە دینی دەزانم، چ بە بارە ئیلحادییەکەیدا، چ بە بارەکەی دیکەدا، ئەوەی کە خواناس بێت، وە تەنانەت بڕوای بە بەشێک لە ئیسلامیش هەبێت، بە هەردوک جۆرەکەیەوە، من بە دینی دەزانم، عەلمانییەتیش دینێکی مرۆڤییە، مرۆڤ دروستیکردوە. (دیبەیتی1)

کە گوترا دینێکی مرۆڤییە، واتە مرۆڤ دروستیکردوە، کەواتە پێویستی نەدەکرد، بڵێت: مرۆڤ دروستی کردوە، چونکە دینێکی مرۆڤییە هەر بەم مانایە دێت.

- لە ڕاستیدا ئێمە گلەییمان لە سیکۆلاریستەکانە، کە غەیری خۆیان ئەگەر بە تیۆریش قبوڵ بکەن، بە کردەوە قبوڵیان ناکەن، بە بەڵگەی چی؟ بە بەڵگەی ئەوە، خۆیان بە خاوەنی هەمو شتەکانی وڵات دەزانن. (دیبەیتی1)

بەگشتی دیبەیتەر وشە و دەستەواژە و ڕستەکان زۆر دوبارەدەکاتەوە، ئەمەش یەکێکە لە ستراتیژییەکانی دیبەیت و مەبەستی سەرەکی دیبەیتەر ئەوەیە کە سەرنجی بەرانبەر و ئامادەبوان بۆ خۆی ڕابکێشێت، هەر وشەیەک یان دەستەواژەیەک کە دوبارەدەبێتەوە دیبەیتەر بە مەبەستی تیشکخستنەر بابەتەکە زەقیدەکاتەوە، گوێگری ئاسایی لە گوتنەکانی دەگات، بەڵام دیبەیتەر مەبەستییەتی سەرنجی هەموان بۆ خۆی ڕابکێشێت.

## 2- لادان لە بنەمای چۆنیەتی

أ- توانج

- پاپا و قەشەکان و چینی ئەکلیرۆس، خۆیان لە خەڵکی کردبو بە سێبەر و وەکیلی ڕەهای خوا! (دیبەیتی1)

دیبەیتەر لەم گوتنەدا توانج لە پاپا و قەشەکان دەدات، کە خۆیان کردوەتە سێبەر، بەڵام ناتوانن ببنە سێبەر.

- نەسرانییەکان هەتا دەستگرتو بون بە ئایینە شێوێنراوەکەیانەوە، دواکەوتو بون، کە دەستبەرداری بون، پێشکەوتن، بەڵکو موسڵمانان بەپێچەوانەوە: هەتا دەستگرتو بون بە ئایینەکەیانەوە، لەپێشەوە بون و کە دەستیان لە ئیسلام شلکرد، کەوتنە دوا. (دیبەتی1)

دیبەیتەر لێرەدا دو شتی پێچەوانەی یەکتری بەرانبەر یەک داناوە، کە دێتەسەر ئاینی مەسیحی، دیبەیتەر بە نەسرانی ناوی دەبات، ئەوان بەهۆی دینەکەیانەوە دواکەوتن، کە دەستیان لە دینەکەیان بەردا، ئینجا پێشکەوتن، بەڵام لای ئیسلام جیاوازە، چەند لە ئاینی ئیسلام دورکەویتەوە، دوادەکەویت، ئەم جۆرە گفتوگۆیانە مێژویکی دێرینی هەیە، توێژی عەلمانییەکان دەیانەوێت ئاینی ئیسلام بە ئاینی مەسیحی بچوێنن و ئیسلام لە سیاسەت دابڕن، بەڵام ئەم بیرۆکەیە لای موسڵمانان ڕەتدەکرێتەوە، (دیبەیتەری1) ئەمەی بەبەڵگە ڕونکردوەتەوە، کەواتە هەم وەک توانج و هەم کەمکردنەوەی ئاینی مەسیحی هەژماردەکرێت.

- دیموکراسی (چاکی نێو خراپانە.)، و (لە چاو شلان پەیتە.) (دیبەیتی1)

دیبەیتەر دیموکڕاسیی لەناو خراپەکاندا داناوە، لەلایەکی ترەوە لەناو شلانی داناوە، واتە بەشلی وەسفکردوە، دیارە شلیش پەسنێکی نەرێنییە.

ب-خواستن

- هیچ پێغەمبەرێک نەهاتوە، کە فیرعەونێک یەخەی پێنەگرتبێت. (دیبەتی1)

لێرەدا فیرعەون مەبەستی مرۆڤی خراپە، چونکە فیرعەون لە سەردەمی پێغەمبەر (موسا) هەبوە، هێمای خراپە بوە، بۆیە هەر دەسەڵاتێک ئەگەر خراپ بێت، بە فیرعەون دەچوێنرێت.

- تۆ هاتوی ئایینێکی دیکەت داهێناوە، ئینجا من تۆم قبوڵە. (دیبەتی1)

سیکۆلاری بە ئایین چواندوە، بەڵام ئایین نییە، بەڵکو ڕەوتێکە دژ بە ئایینی مەسیحی سەریهەڵداوە.

ت-گاڵتەپێکردن

- پێم سەیرە دوای سێ سەدە، ئێستاش لە فەڕەنسا، لەنێو دیموکراسییەکەیدا و لەنێو عەلمانییەکەیدا، جێی دو سێ ئافرەتی سەرپۆشی لێنەبێتەوە! (دیبەتی1)

گاڵتە بە جیهانی عەلمانی دەکات و لە هەمان کاتدا توانجیشی لێدەدات، کە ڕێگە بە ئافرەتی سەرپۆش لەناو دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا نادەن.

- عەلمانیەتی هەرێم وەک چێشتی مجێور وایە، هەمو شتێکی تیدایە. (دیبەیتی1)

چێشتی مجێور بەم خواردنە دەگوترێت کە کۆمەڵێک خواردن تێکەڵ بە یەکتر بکرێن، بۆیە عەلمانییەتی هەرێم وەک ئەم چێشتە وایە، واتە لەگەڵ عەلمانییەتی جیهان جیاوازی هەیە، وەک نەبونی یاسا و دەسەڵاتی خێڵ و هێزی چەکداری ڕۆڵیان هەیە.

ث-کەمکردنەوە

- ئینجا دابینکردنی ماف و ئازادییەکان، کە پایەیەکی دیکەی دیموکراسییە، دەڵێم ماف و ئازادییەکان تا ڕادەیەک هەن، لە هەرێمی کوردستاندا. (دیبەیتی1)

یەکیک لە پایە سەرەکییەکانی دیموکراسی بریتییە لە دابینکردنی ماف و ئازادییەکان، بەڵام لەم هەرێمە ئەویش کەوتوەتە ژێر پرسیارەوە و تاڕادەیەک هەیە، واتە لەم بوارەش وەک ئەوروپا نین.

ج- زیادەڕۆیی

- دوا پادشا بە ڕیخۆڵەی دوا قەشە هەڵواسن. (دیبەیتی1)

مرۆڤ بە پەت هەڵدەواسرێت، بەڵام دیبەیتەر لەم گوتنەدا زیادەڕۆیی کروە، چونکە قورسو مرۆڤ بە ڕیخۆڵە هەڵبواسرێت.

ح- دژیەک

- بانگەشەی دیموکراسیی دەکەن، بەڵام کابوسن بەسەر سینەی خەڵکەوە. (دیبەیتی1)

نابێت بانگەشەی دیموکراسی بکەن و خۆیان جێبەجێینەکەن.

- (شەل نییە، بەڵام پای شکاوە.) کاتیک تۆ بروات بە خوا هەیە، کە خوا قورئانی ناردوە، پێغەمبەری ناردوە، هەردوکیانی بۆ هەمو بەشەر ناردون، چۆن دەڵێیت دینەکەت بە کەڵک نایەت. (دیبەتی1)

مەبەستی دیبەیتەر ئەوەیە ئەگەر باوەڕت بە خودا و پێغەمبەر هەبێت، ئەوا دەبێت بە دینەکەی ڕازی بیت، واتە نابێت پاساوی لاواز بەکاربهێنیت، چونکە گوتنی (شەل نییە، بەڵام پای شکاوە.) بۆ یەکێک دەگوترێت کە نەنگی هەیە، بەڵام دەیانەوێت بیشارنەوە.

خ- ئاماژەپێکردن

دەکرێت بە چەند وشەیەک ئاماژە بە ڕوداوێک یان شوێنێک، لێکدانەوەی ئەمەش دەکەوێتە سەر گوێگر، تاوەکو بتوانێت، لە مەبەستی نێرەر بگات.

- کاتێک دەبینین لە پەرلەمانەکانی ڕۆژئاوادا خێزانی هاوڕەگەزیی بە یاسا ڕەوادەکرێت. (دیبەتی1)

(هاوڕەگەزیی) لە ئەوروپا ڕۆژد وای ڕۆژ لە برەودایە، بەڵام لە کۆمەڵگای کوردی نامۆیە، بۆیە تەنیا بە وشەکە ئاماژەی پێداوە.

## 3- لادان لە بنەمای گونجان

هەر کاتیک گوتنەکە لەگەڵ ڕاستی نەگونجا ئەوە لادان لەم بنەمایە ڕودەدات.

- پێشمەرگەکانمان ئەگەر ئێستا بەرگریی لەم قەوارەیە نەکەن، داعش و ماعش دەمانخۆن. (دیبەیتی2)

لێرەدا نەگونجان هەیە، چونکە (داعش) مرۆڤن، بۆیە ناتوانن مرۆڤ بخۆن.

- کڵێسا لە کەوڵی خۆی دەرچو. (دیبەتی1)

واتە کڵێسا خۆی بەگەورە دەزانی، بۆیە دەچوە ناو هەندێک بابەت، کە سنوری ئەو نەبوە.

- دوای ئەوەی خەڵک لە ڕۆژئاوا لەتاو کڵێسا ڕایکرد.(دیبەیتی1)

لێرەدا مەبەستی وازهێنان و دورکەوتنەوەیە.

- کڵێسا عەقڵ و هۆشی بیرمەندانی کۆت و زنجیرکردبو، تاکو لە ئەنجامی بیرکردنەوەی ئازادانەیاندا، بیرۆکە فەلسەفەییەکانی ئاشکرانەبن.(دیبەیتی1)

واتە لەم سەردەمە کڵێسا ڕێگەی لە داهێنان دەگرت، بیرمەندان بۆیان نەبو شتێک بڵێن کە لەگەڵ بۆچونەکانی دەسەڵاتداری کڵێسا یەکنەگرێتەوە، بەڵام زنجیرکردن بۆ شتی مادی دەبێت نەوەک عەقڵ.

## 4- لادان لە بنەمای شێواز

تەمومژی یەکێکە لەو خاڵانەی کە لادان لە بنەمای شێواز دروستدەکات، چونکە وەرگر هەوڵدەدات بەکەمترین ماندوبون لە نێرەر بگات، پوختەی باسەکە، پێویستە نێرەر گوتارەکەی بەڕون و ئاشکرایی پێشکەشبکات و دوربێت لە ناڕونی و شاردنەوەی مەبەستەکەی.

- ئەو دەوڵەتانە هەر ئەو ڕژێمە ستەمکار و خۆسەپێنانە بون، کە بانگەشەی سیکۆلارستییەتیی دەکەن و بانگەشەی دیموکراسیی دەکەن.(دیبەیتی1)

مەبەست لە دەوڵەتە عەرەبییەکانە.

- کە زەرەریان بۆ پەزەکان نەبێ. (دیبەیتی1)

پەزەکان واتە سامان و دار و دەستەکەیانە.

- چێشتێکی باش بۆ ئەم خەڵکە سازبکەن. (دیبەیتی1)

چێشتێکی باش واتە سیاسەتێکی باشە، واتە دیموکراسی بۆ خەڵک فەراهەم بکەن.

## 2-3 بەزاندنی بنەمای هاریکاری لە (دیبەیتی2)

لە هەنگاوی دوەمدا بەزاندنەکانی بنەماکانی هاریکاری لای گرایس لە (دیبەیتی2) دەخەینە ڕو، لەدواییدا هەردو بەزاندنەکە جیاوازی پێدەکەین و نیشانیدەدەین، کامیان زیاتر بەزاندنی ئەنجامداوە و لە کام جۆر بەزاندنی کردوە؟

## 1- لادان لە بنەمای چەندی

- مێژوی ئێمە سیخناخە بە مێژوی حیزبی جیاواز، دەسەڵاتی جیاواز، ئایدیۆلۆجیەتی جیاواز، فەلسەفەی جیاواز، ململانیی جیاواز، کوشت و کوشتاری جیاواز.(دیبەیتی2)

تەنیا بۆ ڕونکردنەوەی مێژو شەش جار وشەی (جیاواز)ی بەکارهیناوە.

- قاهیر بیللا شانازیی ئیسلامییەکان بو، چاویان هەڵکۆڵیوە، لەناو بەغا سواڵی کردوە، سواڵی کردوە لەناو بەغا. (دیبەیتی2)

ڕستەی (لەناو بەغا سواڵی کردوە.)ی دو جار دوبارەکردوەتەوە، بەڵام شوێنی ئاوەڵکارەکەی گۆڕیوە، بۆ مەبەستی وروژاندنی هەستی گوێگرەکان گوتوە.

- لەسەر دۆلاری ئەمریکی ناوی خوا نوسراوە، لەسەر دۆلاری ئەمریکی ناوی خوا نوسراوە. (دیبەیتی2)

هەمان ڕستەی دوبارەکردوەتەوە بەبێ گۆڕینی شوێنی کەرەستەکانی ڕستە، واتە دەیەوێت پێمان بڵێ، کە لای عەلمانییەت، شوێنی هەمو بیر و بۆچونێک دەبێتەوە.

- خەلیفەکان وایانوتوە، خەلیفەی ئومەوی وایوتوە، خەلیفەی عەباسی وایوتوە، خەلیفەی فاتمی وایوتوە، خەلیفەکانی وایان وتوە. (دیبەیتی2)

لە ڕستەی یەکەم بەگشتی باسی خەلیفەکانی کردوە، بەڵام دواتر هەمو خەلافەتەکانی ڕیزکردوە.

- ئینجا هات، لەدوای ئەم ڕونکردنەوەیە مێژوییە، لە ڕوی عیلمییەوە، لە ڕوی سیکۆلاریزمەوە، لە ڕوی دەسەڵاتەوە، لە ڕوی قورئانەوە، لە ڕوی خواوە، لە ڕوی مرۆڤەوە، ئینجا لە ڕوی دەسەڵاتی کەنیسەوە، ئینجا لە ڕوی دەسەلاتی ئیسلامییەوە، ئینجا لە ڕوی ئەوەی کە ئیسلام هەمو شتێکی تیا جێئەبێتەوە، وەکو مەسیحییەکان نییە. (دیبەیتی2)

لەم گوتنەی سەرەوە نۆ جار دەستەواژەی (لەڕوی) دوبارەکردوەتەوە، سێ جاریش ئامرازی لێکدەری (ئینجا)ی دوبارەکردوەتەوە،چونکە دیبەیتەر دەیەوێت لەماوەیەکی کورتدا زۆرترین بەڵگە کۆبکاتەوە.

## 2- لادان لە بنەمای چۆنیەتی

أ- توانج

- یەک موسڵمانی موعارەزە لە مەککە و مەدینە پەناهەندە نییە، یەک دانەش لە کابۆل پەناهەندە نییە. (دیبەیتی2)

واتە پەناهەندەکان بە گشت ئایین و نەتەوەی جیاوازەوە، هەمویان لە ئەوروپا یان ئەمەریکان.

ب-خواستن

- ئیخوانەکانی عێراق فزەیان لە دەم هاتە دەرەوە بەرامبەر بە ئەنفال، بەرامبەر بە کیمیاباران، پێنج هەزار گوندی ڕوخاو، سەدان هەزار شەهید! (دیبەیتی2)

واتە ئیخوانەکانی عێراق کە بەرەی ئیسلامین، بەرگرییان لە کورد نەکرد، کاتێک بە دەست ڕژێمەکان دەچەوسێنرانەوە.

ت-گاڵتەکردن

- هەموتان مۆبایلێکتان لە گیرفاندایە ئەگەر دوان نەبێت، پێموا نییە ئەمە بە نوشتە بۆتان پەیابێت. (دیبەیتی2)

نوشتەکردن بۆ نزا و پاڕانەوە دەبێت، واتە مەبەستی دیبەیتەر ئەوەیە کە زانست بە نوشتەکردن دروستنابێت.

ث-کەمکردنەوە

- خێڵێک ئەبێت بە بەدیلی گەورەترین دەسەڵاتی خەلافەت لەناو عەرەبدا. (دیبەیتی2)

خەلافەتی عوسمانییەکان بە (عەشرەت) ناودەبات، دیارە عەشرەت ژمارەی ئەندامانی زۆر نییە.

- خۆ شورا هەڵبژاردن و ڕەئیوەرگرتن نییە. (دیبەیتی2)

لە وەڵامی (دیبەیتی1)، کە دەیگوت پێش دیموکراسی شورا هەبوە.

ج- ئاماژەکردن

- ئەوە عەباسییەکان بو، مەسەلەی (بعد خراب بصره.)یان هێنایە پێشەوە. (دیبەیتی2)

ئەم پەندە بۆ هەمو کارێک دەگوترێت، دوای ئەوەی بە دەستی خۆت تێکیدەدەیت، بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عەباسییەکان و ڕوخانی ئەمەوییەکان.

- (فأعدوا لهم ماأستطعتم القوى) هەیە، ئەنفال هەیە. (دیبەیتی2)
- (یا أیها النبي قاتل الكفار والمشركين)یشی تێدایە، بشیان کوژەی تێدایە. (دیبەیتی2)

لە ئایەتی یەکەم خودای گەورە بە موسڵمانەکان دەڵێت خۆتان ئامادەبکەن بۆ جەنگ و ئەسپەکانتان ببەستنەوە، ئەگەر لەشکری دوژمن هێرشی بۆ هینان، لە ئایەتی دوەمیش بەئاشکرا دەڵێت لەگەڵ بێباوەڕەکان و هاوەڵ پەیداکەرەکان بجەنگن، دیبەیتەر ئاماژە بەم دو ئایەتە دەکات، کە لە ئیسلامدا ئەنفال و کوشت و کوشتاریش هەیە، بەڵام بەهەڵە بۆی چوە، چونکە لەو سەردەمەدا بێباوەڕەکان هێرشیان بۆ سەر ئیسلام دەهێنا.

## 3- لادان لە بنەمای گونجان

- مەککە لەسەر دەستی ئومەوییەکان کوژراوە. (دیبەیتی2)

کوشتن بۆ یەکێکە کە دەبێت (+گیانلەبەر، +زیندو) بێت، بەڵام مەککە ناوی شارێکە، هەمو موسڵمانان ڕوی تێدەکەن.

- من خۆم بە موسڵمان دەزانم، سوننەیشم. (دیبەیتی2)

پرسیاری لێنەکراوە، کە ئایین و ڕێبازت چییە.

- وتمان هەوا و گڵ دەخۆین. (دیبەیتی2)
- (گڵ) ناخورێت.
- لە ئاوایی حەمەی تەرمە، من و یازدە پێشمەرگە بوین، بیست و دو کۆپتەرم بۆ هاتوە. (دیبەیتی2)

خۆی لەگەڵ یازدە پێشمەرگە بوە، بەڵام دەڵێت بیست و دو کۆپتەر بۆ من هاتوە.

## 4- لادان لە شێواز

- ئەم مێژوە هەموی داپۆشین، تۆ بێی باسی عەلمانییەت بکەی. (دیبەیتی2)

مەبەست مێژوی ئیسلامییە.

- ئەبێ ئەلتەرناتیف دروست بێ، ئەبێ بەدیل دروست بێ.(دیبەیتی2)

وشەی (ئەلتەرناتیف) واتە (بەدیل)، ئەگەر گوێگر شارەزایی لە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی نەبێت، وا دەزانێت دو وشەی جیان.

## ئەنجام

1- لادان لە بنەماکانی هاریکاری دیبەیتەکە گەرموگوڕتر دەکات، چونکە دیبەیتەرەکان پەنا بۆ دۆزینەوەی خاڵی لاوازی یەکتر دەبەن.

2- لادان لە بنەمای هاریکاری و بنەما وردەکان ئامانج و ئاراستەی ئاخاوتن دیاریدەکەن بۆیە پابەندبون و لادان لە بنەماکان پرۆسەی گفتوگۆ سەرکەوتو دەکەن.

3- دیبەیتەر لە (دیبەیتی1) زۆرترین بەزاندی لە بنەمای چۆنیەتی کردوە، بەتایبەتی زیادەڕۆیی و توانج و گاڵتەکردن و کەمکردنەوە.

4- دیبەیتەر لە (دیبەیتی2) زۆرترین بەزاندنی لە بنەمای چۆنیەتی بەتابەتی (کەمکردنەوە و ئاماژەکردن) و بنەمای گونجان کردوە.

# Conversational Implicature in debate between Ali Bapir and Mala Bakhtyar.

Babarasul Nori Rasul[1] - Muhsin Ali Husein[2]

[1]Department of Kurdish Language, College of Education, Salahaddin University, Shaqlawa, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

The result of the speech of one of the important pragmatic theories has a prominent place in the researches, the image of most of the natural languages is united in this point, which the speeches of the language speak in the face, but in the content it has a hidden meaning, And this is the meaning of it in the appropriate surroundings This theory originated by Grace, in Grace's opinion, the statements in some positions do not show the purpose.

In this research, it has been tried to explain how to overcome the basics and how can the listener understand the speeches and make sense of them? Especially in the debate, the sender and the recipient change their roles, so adherence to the basic symmetry of cooperation that goes on its way, but the introduction of the basics will cause them to explain more about their speech, so they need to answer each other several times and explain give him more.

**Key words**: The Result Of Speech, The Basis Of Cooperation, The Principle Of Communication, The Expression Of The Basic Of Cooperation
Cooperation.

## لیستی سەرچاوەکان

بەکەر عومەر عەلی (2014) چەند لایەنێکی زمانەوانی، پێشەکی نوسین و ڕێکخستن. د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپخانەی هێڤی – هەولێر

د.محمد معروف فتاح (2011) زمانەوانی، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

عەبدولواحید مشیر دزەیی (2009) کاریگەریی دەرونی لە بواری ڕاگەیاندندا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

عەبدولواحید مشیر دزەیی (2014) پراگماتیکی دەق و گوتار، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

عومەر مەحمود کەریم (2009)، سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکی گریمانە پێشەکییەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە.

د.جيني توماس (2010) المعنى في لغة الحوار، مدخل الى البراجماتية(التداولية)، ط1، ترجمة د.نازك

رحمة فلاح حسن البياتي، (2019) فاعلية استراتيجية مقترحة على وفق نظرية الافعال الكلامية، مجلة كلية التربية الاساسية/ جامعة البابل

رومان جاكوبسن، (1985) التواصل اللغوي وظائف اللغة، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت.

طه عبدالرحمان (1998) اللسان والميزان أو تكوثر العقلي، مركز الثقافي العربي، رباط المغرب

عبدالهادى بن ظافر الشهري (2004)، استراتيجيات الخطاب- مقاربة لغوية تداولية، دار الكتاب الجديد المتحدة، ليبيا.

محمود عكاشة (2013)، النظرية البراجماتية اللسانية(التداولية)، مكتبة الاداب، القاهرة.

Brown & S Levinson: (1983) Semiotics and Pragmatics, Cambridge University press.

George Yule, 2000, Pragmatics, Oxford University Press.

Grice, H.P.(1989). Studies in the way of words. Cambridge: Harvard University Press.

Grice, H.P.(1975). Logic and Conversation, Harvard University Press.

نمونەی هەردو (دیبەیتی1) و (دیبەیتی2) لە تەلەفزیۆنی ڕوداو وەرگیراوە، بەم ناونیشانە (دیبەیتی ساڵ لە ڕوداو)، Rudaw Media Network, YouTube. Apr 4.2016

## پەراوێزەکان

[1] کەناڵی روداو کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دیبەیتەکەی پەخشدەکرد، هەر ئەو کەناڵە بە دیبەیتی ساڵ بە خەڵکی ناساند.

[2] بەکر عومەر عەلی لە توێژینەوەکەی بەهاوبەشی لەگەڵ (تریفە عومەر ئەحمەد) بە ناوی (مەبەستە پراگماتیکییەکان لە وتاردا) مەرجی شێوازی بەندی بەکارهێناوە، (بەکر عومەر عەلی:2014: 16) هەروەها تالیب حوسێن عەلی (بنەمای شێواز یان ڕونی) بەکارهێناوە، (تالیب حوسێن عەلی:2019: 60)